# لەبارەی (گەنج) ەوە...

ئاری عوسمان خەیات
arikhayat@yahoo.com



قسەكردن لە گەنج، قسەكردنە لە ژیان، چونكە بزوێنەر و جوڵەمەندیی لە ژیاندا، دواجار لە جۆرە پێوەندییەكی ڕاستەوخۆدایە لەنێز ئەو توانا جەستەیی و عەقڵییەی كە لای گەنج (بەمانای وشە) دەسدەكەوێ، هەر لێرەشەوەیە، كە دیدو تێڕوانینی زۆربەی ئەو نووسینە ئینشائییانەی لەسەر گەنج دەنووسرێن و بڵاودەكرێنەوە، پێداگریی و جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە، كە گەنج بەشی هەرە گەورە و گرانی ئەركەكانی كۆمەڵگەی دەكەوێتە ئەستۆ و.. تد.

ئەوەی لێرەدا دەخوێنرێتەوە، بریتییە لە هەوڵێكی كورت، بۆ قسەكردن لەسەر گەنج و ئەو لایەنە پێوەندارانەی كە لەژیانی گەنجدا دەور و ڕۆڵیان هەیە لە نەخشاندن و دیاریكردنی چارەنووس و ئایندەیان، بە تایبەتی لە كۆمەڵگەی كوردیدا، بۆ ئەوەش چەشنی تێفكرینەكان لەو بارەیەوە، بەسەر چەند خاڵێكدا دابەشكراون و خراونەتە ڕوو، كە بێگومان هەریەك لەوانە، لە كات و شوێنی خۆیاندا پێویستیان بە قسەلەسەركردن و زیاتر لەسەر ڕاوەستان هەیە، بۆ ئەوەی بتوانرێ سەرجەم دیوەكانیان لێكبدرێنەوە و پەنجەش بخرێتە سەر كۆی ئاڵۆزیی و تەمومژییەكانیان..

## غیابی شوناس و پێویستی گۆڕان:

گەنجانی ئێمە تا ئێستا خاوەن كۆدەنگییەك نین لە بەرامبەر ئەو هەموو سوكایەتییەی كە ڕۆژانە كۆمەڵگەو دەسەڵات و نەریتە باوەكان پێیاندەكەن..! واتە نەیانتوانیوە بەشێوەیەكی ڕەوان لەو ئیشكالیاتانە نزیك ببنەوە، كە بەری لێگرتوون، بە چەشێك بتوانن شانبەشانی پێشكەوتنە گەورەكانی دونیا بچنە پێشێ، بۆیە هەمیشە و بەگشتی كەسێتی گەنجی كورد خاوەن كەمترین هەستكردنە بە شوناسێكی تایبەت بە خۆی و بەردەوام لە بازنەی خۆ خوارنەوەدا دەخولێتەوە.

ئەو هەرگیز ناتوانێ پەنجە بۆ سەر سنوورە حەرامكراوەكان درێژ بكات، ئەمەش زەنگێكی خەتەرناكە، چونكە دواجار بێئەو حاڵەتە، ژیانی كۆمەڵگە دەبێتە گۆمێك، كە هەرگیز ناشڵەقێت و بەوەش زوو بۆگەن دەكا.

كۆمەڵگە.. بە كایە جیاجیاكانییەوە هەر لە ڕێساكانی خێزان و سنوورە دیاریكراوەكانی ئایین و یاسا بێسەروبەرەكانی نەریتە كۆنەكانەوە، هەتا دەگاتە بچوكترین ڕێگرییەكانی لەبەردەم خولیاو ئاواتەكانی هەر گەنجێكدا، بوونەتە گەورەترین مەترسی بۆ سەر ئایندەی خودی كۆمەڵكە خۆیشی، چونكە دواجار گەنجان ئەوانن توانای پێكهێنانەوەی سەر لەبەری ئەو پێوەندییانەن، كە تەواو لێیمەحروم كراون و داهاتوویشمان پێویستی پێەتی، كە ببێتە خاوەنیان وەك چۆن سەرجەم كۆمەڵگاكانی دونیا هەنگاویان بۆ ناوەو پێیگەیشتوون.. بۆیە تا خەفەكردنی دەنگی گەنج لە ئارادابێت، كۆمەڵگە هەر بە دواكەوتوویی دەمێنێتەوە. بەڵام ئاخۆ گەنجی ئێمە لەم سەردەمەدا ئەتوانێ لە ئاستی ئەو ئەركە گەورەیەدا چی بكات؟ بە دڵنیاییەوە لە ئێستادا هیچ..! چونكە ئەو هەژموونە پێویستی بە پرۆسەی سەرلەنوێ بونیادنانەوە هەیە، واتە گۆڕانكاری بنچینەیی، هەر پرۆسەیەكی بونیادنانەوەو گۆڕانیكاریش لە پێوەندییەكی ڕاستەوخۆدان لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی ئەمڕۆی كوردستاندا، بەو پێیەی زۆربەی كەناڵە جیاوازەكان مۆنۆپۆلیزەكراون لە لایەن دەسەڵاتەوە، كەواتە هەتا دەسەڵاتی سیاسی مەرامی ئەو گۆڕانە نەخاتە خانەی پراكتیزەكردنەوە، مەحاڵە گەنجی كورد بتوانێ هەنگاوی كارایانە لەو بارەیەوەهەڵبنێ، ئەم بۆچوونە مانای كەمكردنەوە نییە لە ئاستی توانا و هێزی گەنج، ئەوندەی كەمكردنەوەیە لەو هەستەی دەسەڵات، كە تووشی قەیرانی بیرنەكردنەوە لێكدانەوەی دیاردەكان هاتووە و هەر بۆیەشە، دەبینین هەست بە گۆڕانی تێدا مردووە، بەدیوێكی تریشدا ئەو قسەیە بەسەر گەنجدا ساغدەبێتەوە، ئەگەر بڕوامان وابێت، كە گەنجی ئێمە كائینێكە نامۆیە بە سەرەتاییترین مافەكانی گەنجێتی خۆی و مەترسییەكەش لەوەدایە تازە واڕاهاتووەو ژمارەیەكی كەمی گەنجان نەبێ، زۆریان تا ئێستا تەنانەت نەیانتوانیوە بزانن بیربكەنەوە لەهەمبەر داوا و پێویستییە حەیاتییەكانی خۆیاندا، چونكە ئەو ژیانەی ئەوان پێی مەحكومن هیچ نییە بەدەر لە ڕۆتینێكی كوشندەو دووبارەكردنەوەی هەمان ژیانی پێشووی باوك باپیران..

دەبێ دەسەڵاتی كوردی درك بە بایەخی پرسی گۆڕانكاری و بونیادنانی سەرلەنوێی كایەكانی كۆمەڵگە بكات و هەمانكات كۆمەڵگەیش دان بەوەدابنێ، كە لە ئاست ئاواتی گەنجاندا تۆتالیتاریانە مامەڵە دەكات، تا بتوانرێ پێكەوە ئەو پرۆسەیەی هەمووومان لە دەستی گەنجانەوە چاوەڕوانی دەكەین و دێتە بەرهەم، زەمینەی لەباری بۆ بڕەخسێنرێ و دەسبەجێیش هەنگاوەكانی بەرەو ڕیالیزەكردنیان بنرێ.

## گەنج و جیهانگیری:

ئەكرێ جیهانگیری وەك پرۆسەیەكی بەرفراوانی تەحەكومكردنی زانست و تەكنۆلۆژیای نوێ ناوببەین، بەسەر كۆی كایەكانی ژیانەوە،

واته تەحەکومکردنی لە ڕێکخستنە کارگێڕییەکان، بەڕێوەبردنەکان، نزیکبوونەوەو دوورکەوتنەوە لە یەکترو..تد، کە ئەم دیاردەیەش لە ئەمڕۆماندا تەواو ڕۆچۆتە نێو خوێن و دەمارەکانی کۆمەڵگاکەمانەوە..

بەدڵنیاییەوە لە وەرگرتنی ئەو پرۆسەیەشدا کۆمەڵگەی کوردی دووچاری چەندین حاڵەتی نێگەتیف و پۆزێتف بۆتەوە.. تاقە هێزێکیش کە توانیبێتی ڕووبەڕووی کۆی ئەو لێکخشان و تێکەڵبوونە بێت، توێژی گەنجانە.. لێشاوی بەرفراوانی سەتەلایت و کۆمپیۆتێرو ئینتەرنێت و مۆبایل و.. هتد، بەشێکن لەو پرۆسە بەرفراوانەی کە ئەمڕۆ گەنجانی ئێمە زوو بەرەو پیریان دەچن و زوویش بەکاریان دەهێنن و هەر زوویش دەیانکەنە بەشێکی گەورەو گرنگ لە پێکهاتەی ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا، لەم بارەیەشەوە هەم قازانج و هەمیش زیانیان لێوەکردووە..

زیان و قازانجەکان کە شتێك نین لێرەدا کۆبکرینەوەو بەیانبکرێن، بوونە هۆی هێنانە کایەی کۆمەڵێك گۆڕانی زۆرخێرا، کە ستایڵی نوێی ژیانیان لێوەبەرهەم هات و دواجار گەنجان کاراکتەری ئەکتیڤی نێو ئەو ڕووداوە بوون.. بە پێچەوانەی نەوەی پێشووەوە، کە درەنگانێك نەبێ و تەنانەت تا هەنووکەش، نەیانتوانیوە تێکەڵبن بەو ستایلە نوێیەی ژیان و توانای تەعامولکردنیان نەبووە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەدا، بۆیە ئەمە خاڵی هەرە پۆزەتیڤی جیهانگیرییە بۆ نەوەی نوێ (گەنجان)، کە ئەکرێ نوخبەی پێشڕەوی نێو ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە بە تەواوی هۆش و هەستەوە مامەڵە بکەن لە نێز ئەو دەسکەوتە گەورەیەدا، بۆ ئەوەی بتوانن لەوێندەرێوە هێزی کارای گۆڕانکردنیان شۆڕبێتەوە بە نێو درزو کەلەبەرەکانی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییە کۆنەی دەیانچەوسێنێتەوەو دەسبکات بە ئەنجامدانی ئەرکی مێژوویی سەرشانی خۆی، کە ئەوەش بریتییە لە پرۆسەی هێنانە کایەوەی زەمینەی لەباری بونیادنانەوەی کۆمەڵگەو بەرهەمهێنانی تێزێکی بەهێز بۆ دژایەتیکردنی هەموو شێوازەکانی وەکخۆمانەوە (واتە نەگۆڕان و چەقبەستن).

بەداخەوە لایەنە نێگەتیڤەکان پترن، بەڵام ئەبێ ئەوە بڵێم، کە سەرجەمی ئەو زیانانەی بەهۆی جیهانگیرییەوە لە گەنجان کەوتووە، ناکاتە ئەو سوودەی کە تاقە دەسکەوتی سەرەوە دەیبەخشن بە خودی گەنج و کۆمەڵگەکەشمان، بەمەرجێ ئەگەر بێت و هەستیارانە ڕەفتاری لەگەڵ بکەن (وەك ئاماژەن بۆ کرد)، ڕەنگە یەکێك لە زیانەکان ئەو خراپ بەکارهێنانەی تەکنەلۆژیا بێت، لەلایەن بەشێکی زۆری گەنجانەوە، کە ئەوەندەی مێشك و دەروونیانی قاڵکردووە، بە دیاردە ڕووکەشەکانەوە، ئەوەندە نەیانتوانیوە وەك پێویست و هێندەی بایەخی ئەو تەکنۆلۆژیایە سوود وەرگرن..

## گەنج و پرسیارکردن:

پرسیارکردن بەشێکی گرنگە لە پێکهێنانی کەسێتی تەندروستی گەنجدا. بۆیە ئەکرێ بڵێین: هەموو گەنجێك و لە هەر کۆمەڵگەیەکدا خاوەن پرسیاری تایبەتی خۆیەتی، بەڵام کێشەکە لەوێدایە ئاخۆ تا چەند ئەو گەنجە پرسیارکەرە توانای زەمینە ڕەخساندنی هەیە بۆ تەوزیفکردنی ڕەهەندەکانی ئەو پرسیارە لە خزمەتی پرسی توێژەکەی خۆیدا..؟ ئەك پرسیارە کە هەمانکات خۆی لە قاوخی ئەم گرفتێکدا خۆی دەنوێنێ، تەواو گەنجانی ئێمەیشی پێوە گیرۆدە بوونە..

مەحاڵە بتوانین نکۆڵی بکەین لەوەی کە گەنج کائینێکی پرسیارکەرەو داتایەکە لە هەموو کات و شوێنێکدا بوونی هەیە، چونکە بێگومان لە سەردەمێکدا دەژی جیاوازە لەو سەردەمەی کە نەوەی پێش ئەوی تیا ژیاوە، بۆیە لێرەدا قسەی ئێمە ئەوەیە ئاخۆ بۆچی گەنجانی کورد تا ئێستا نەیانتوانیوە ئەو پرسیارو ڕامانەی خۆیان بکەنە بزاوتێکی کۆمەڵایەتی و لەسەر شەقامەکان و لە نێو دەزگاو ناوەندەکانی خوێندن و زانکۆکاندا، بیکەنە جۆرێك لە هێزی فشاربەر بۆ سەر کۆی ئەو کۆت و بەندە باوانەی کە کۆمەڵگەی سوننەتی و تەقلیدی کوردی دووچاری کردوونەنەوە و لەسەرە ڕێگەیاندا بۆی جێهێشتوون و هەموو چەشنە خەونبینییەکی لێزەوتکردوون..؟ ئەم پرسیارەش بەشێکە لەهەوڵدانی گەنجانی هۆشیار بۆ هەنگاونان بەرەو دەربازبوون لەو قەیرانەی کە ئەمڕۆ بە بێدەنگییەکی کوشندە لەسەریان کەوتووە و بە تێپەڕبوونی زەمەنیش خەریکە زیاتر و زیاتر لە نێو جەستەی بزوێنەریاندا پەپکە دەخوات و دەچەسپێ، خۆ ئەگەر ئەم پرۆسەیە (تەوزیفکردنی پرسیاری گەنجانە) لە نێو خودی نوخبەی گەنجانی هۆشیاردا سەرهەڵنەدات و شۆڕنەبێتەوە بەنێو کایە فراوانەکانی کۆمەڵدا، ئەوکات ناتوانین بەهیچ پێوەرێك پەنجە بخەینە سەر خاڵی جیاوازی نێوان (پیر) و (گەنج)، چونکە دواجار هەموو جۆرە جیاوازییەکی گەنجێگ لە بەرامبەر پیرێکدا تەنهاو تەنها خۆی لە هەبوونی پرۆژەی جیاوازدا دەبینێتەوە، بۆیە بەبێ بوونی پرۆژەیەکی جیاوازی گەنجانە لە کۆمەڵگای کوردی و هاوشێوەکانیدا، ناتوانین بەهیچ جۆرێك دڵمانخۆشبێ و بڵێین: (ئەوا ئاسۆکانی پێشکەوتنمان لێوە دیارە!).. هەموو پرۆژەیەکیش کە جیاوازی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێ، دواجار بەشێکی گەورەی پێکهاتەکەی بریتییە لە پرسیارکردن و گومانکردن لەهەمبەر هەموو ئەو پرۆژە و شێوازەی ژیانکردنانەی لە پێشووتردا بوونیان هەبووە، لە نێو کۆمەڵگەدا، چونکە پرۆژەی جیاواز دەسمایەی مەزنی هەموو شێوەکانی بەرهەمهێنانی نوێیە، کە ئەو خەسڵەتەش وادەکات تواناداری ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو لێشاوی جیهانگیرییەمان بکاتەوە، کە ئەمڕو سەرجەمی جیهانی تەنیوە، لەو حاڵەکاتەشدا گەنج بەوپەڕی سانایییەوە دەتوانێ سەرپشکی هەموو گۆڕانەکان بێت..

دەبێ گەنجانی پرسیارکەر کارێك بکەن، سەرجەمی کۆمەڵگا ناچار بکەن قەناعەت بهێنن بە هەمان پرسیاری زیندووی خۆیان، تا بیسەلمێنن ئەمانیش لەتوانایاندایە بزووتنەوەیەکی گەنجانەی ڕاستەقینە دروستبکەن و کاری جدیشی پێبکەن لە کۆمەڵداو هەنگاوی عەمەلیش بۆ پێشەوە بنێن.

## گەنج و کەبتی سێکسی:

کاتێك باس لە ئازادییەکانی تاك دەکەین لە نێو کۆمەلگەدا، تا ئێستا نەمانوێراوە باسی ئازادییە سێکسییەکانیش بکەین، کە لە حالەتی چەپاندنێکی گەورەو کوشندەدایەو هێشتا ئاستی هۆشیاریمان نەگەیشتۆتە ئەوەی کە تێبگەین، وەکچۆن خواردن و خواردنەوەو لەبەکردن و نووستن و تەماشاکردنی تەلەفزیۆن.. و هتد، پێویستییەکن لە پێویستییە ژیانییەکانی هەر تاکێك لە ئێمە، ئاوایش سێکسکردن بەشێکی زۆر گەورەو بگرە گرنگی ژیانی هەر یەك لە ئێمە پێکدەهێنێ..

بەلێ، سێکسکردن پێویستی ژیانی منی قسەکەر، تۆی خوێنەر، ئەوی ڕۆژنامەنووس، فلانە کچی هاوڕێمان و دایك و باوکی هەر یەك لە ئێمە پێکدەهێنێ..!

ناوبردنی سێکیس هێندە بە پەردەی شەرم و حەیاکردن داپۆشراوە، کاتێك بتەوێ باسی شتێکی لەو چەشنە بکەی، دەبێ (حاشا من حزوور)ێکی دوورودرێژی بۆ بێنیتەوە، بە پێچەوانەوە ئەوا تۆ لە ئەخلاقی گشتی و دیاریکراوی کۆمەلْ لاتداوە و مەحکومی بە سەرزەنشتکردن..!

تەنیا قوربانی ئەم گرفتە کۆمەلایەتییە، توێژی گەنجانە.. ئێمە ناتوانین باس لە ئازادیی گەنج بکەین بێئەوەی باس لە ئازادیی سێکسی بکەین بەلای ئەو کائینەوە، چونکە گەنجی ئێمە لە ناسکترین قۆناغەکانی تەمەنیدا دووچاری دوو شەپۆلی لێکجیا دەبێتەوە لە ناخی خۆیداو نازانێ بە چ شێوەیەك ڕووبەڕووی ببێتەوە، یەکەمیان وەك هەر گەنجێکی دونیا، گۆڕانی بایۆلۆژی جەستەی خۆیەتی، کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی دەگەلْ گەشەی ئارەزووی سێکسیدا هەیەو دبێتە ڕەمەکی وروژێنەر بەلایەوە، دووەمیان تەلْقینە بەردەوامەکانی دابونەریتی کۆمەلگەیە، بەوەی سێکس خەتەرە، بڤەیە، عەیبە و هەر کەسیش دەستی بۆ بەرێت و پرسیاری لەبارەوە بکات، ئەوا گەورەترین گوناحی کردووە. لێرەوە چەپاندنی سێکسی (کبت جنسی) بەلای گەنجەوە دەست پێدەکات و وردە وردە گرێ دەروونییەکانی بەلاوە دەخولْقێ و زۆرجاریش بە نەخۆشی دەروونی کۆتایی دێت، یان دوور نییە بەرەو باری مەترسیداری لادانی سێکسی بئاژوێت.. کەواتە ئەوە خودی کۆمەلگەو نەریتە باوەکانییەتی کە وا لە گەنج دەکات بێئەوەی بیەوێ هەنگاو بەرەو هەلْدێر ببات..

هەلْبەت مەبەستی ئێمە لە (ئازادیی سێکسی) بە مانای مەرەخەسکردنی گەنجانی هەرزەکار نییە بۆ سەر شەقامەکانی شارو چییان دەوێ با بیکەن؟!.. نەخێر ئێمە پێش ئەوەی ترسمان لەوە بشکێ کە بلێین (هەرزەکاران با بچنە شەقامەکان و چییان دەوێ بیکەن) پێویستمان بەوەیە، لە ناوەندەکانی خوێندەوە دەست بکەین بە ڕاهێنانیان لەسەر ڕۆشنبیرییەکی ساغی (سێکسی تەندروست) و ڕوونکردنەوەی کۆی ئەو لایەنانەی کە بە زیان و قازانج دەشێکێنەوە بۆ سەر خودی خۆی و کۆمەلگە، هەروا پێویستمان بە دابینکردنی ڕاستەقینەی کۆی ئازادییە تاکە کەسییەکان هەیە پێشئەوەی هەر هەنگاوێکی عەمەلی لەو بارەیەوە بنێین، بۆ ئەوەی دواجار دووچاری گرفتی گەورەتر نەبینەوە، لەوەی ئێستە لە گۆڕێدایە.

## ڕێکخراوەکانی لاوان و گەنجان:

ئێمە ناتوانین گەنجان بەیەك گرووپ و دەستەو تاقم ناوببەین و هەروەك ناشتوانین لە بۆتەی یەك گوتاردا کۆیان بکەینەوە، بۆیە ئاساییە ئەگەر هێزێکی گەنجانە لە ئارادابێ، بەلام بە چەند وێناو دەرکەوتنێکی جیاواز خۆی نمایندە بکات.

لێرەوەیە ئەتوانین هەقی ئەوە بە خۆمان بدەین، کە چەند شێوەیی (فرەیی) لە گوتاری گەنجاندا بە ئاسایی وەسفبکەین.. ڕەنگە هەر لەم دیدگایەشەوە بێت، کە دواجار چەندین ڕێکخراوی دیموکراسی و پیشەیی بەناوەکانی لاوان و گەنجانەوە لە چەند سالْی دوای ڕاپەڕینەوە دامەزراون.. بەلام ئاخۆ ئەم ڕێکخراوانە، کاریان لەسەر فراوانکردنی ئەو هێزە کردووە، کە کۆمەلگەی ئێمە پێویستی تا سەر ئێسقانی پێیەتی؟ یان بە پێچەوانەوە کاری لەسەر لاوازکردن و ڕێبڕی ئەو هێزە کردووە؟ ڕەنگە وەلامی ڕەهایانە تا ڕادەیەك زەحمەتبێ، بەلام بەداخەوە کە بەڕێژەیەکی زۆر بەرز هەموولایەك ڕایوایە ڕێکخراوەکانی لاوان و گەنجان بەخۆی و ئەو باکگراوەندە حیزبییەی کە هەیانبووە نەیانتوانیوە هەنگاوی لەبار بنێین بۆ پتەوکردنی ئەو جۆرە هێزەی لێرەدا قسەی لێوەدەکرێ.

ڕێکخراوەکانی لاوان و گەنجان لە کوردستاندا کاریان لەسەر ئەوە کردووە، وەکچۆن لەسەردەمی خەباتی شاخدا کەسێتی گەنج وەك پارێزەری پیرۆزییەکان لێیوەی دەڕوانرا، ئاوا لە دوای ئەوەش گەنجان دووچاری هەمان حالەت بوونەوە، بەلام ئەمجارەیان لەناو شارەکانداو لە زەمانێکی جیاوازدایە، کە ئاسۆکانی دیموکراسییەت و مەدەنییەت والابوونە، بۆیە ئەم ڕێکخراوانە هەمیشە لە هەولْی بەرجەستەکردنی ستانداردێکی تری کەسێتی گەنجی کورددا بوونە، نەك بە پێچەوانەوە هەولْ بۆ فەراهەمکردنی ئازادییە فەردییەکانیان بدەین و لە زەمینەیەکی تەندروستەوە ئاراستەیان بکەن بەرەو داواکردن و پرسیارکردن لەمەڕ پێویستی و مافەکانیان..

ئەم بێدەنگبوونەوەی ڕێکخراوەکان دۆخێکی لەباری بۆ بەحیزبیکردنی دەیان گەنج سازاند، کە بەداخەوە بەهۆی ڕەوشی سیاسی نالەباری کوردستانەوە، زۆرینەی ئەو گەنجانە یان لە شەڕەکانی براکوژیدا تیاچوون، یانیش مانەوەو بوونە سەرسەختترین پارێزەری نەخشەو پلانەکانی حیزب و بەمەش نەویستانە کەوتنە دژایەتیکردنی ماف و داواکانی هاوتەمەنەکیانیان و گەنجانی تری دوای ئەو سەردەمە، کە ئێستایشی لەگەلْ ناکۆکی و شەڕی ئەو دوو دەستەو تاقمە درێژەی هەیەو لە قازانجی هێزی یەکگیری گەنجاندا ناشکێتەوە.

## گەنج و ئینتیما بۆ نیشتمان:

زۆرجار لێرەو لەوێ باس لە پرسی بێئینتمای گەنجانی کورد دەکرێ، لەوەی خاوەن هیچ ئینتمایەك نین بەرامبەر خاك و نیشتمانەکەیان و نمونەش لەو باسانەدا هەمیشە کۆچڕەوی بەلێشاوی گەنجانە بۆ هەندەران.. جا ئایا بەڕاست گەنجی کورد ئینتمای نییە بەرامبەر بە

خاك و نیشتمانەكەی؟
ڕەنگە ئەوەی سەرەوە، هێندەی خۆی لە بوختانێكدا ببینێتەوە ئەوەندە بابەتێك نەبێت، كە پێیەكانی لەسەر بنەمایەكی زانستی و لە ئەنجامی لێكۆڵینەوەوە هاتبێتە بەرهەم.. واتە ئەتوانین بڵێین، ئەوە حزب و ڕێكخراوە بەناو گەنجانەكانی سەر بە حیزبە، كە دەیەوێ گەنج بكاتە خاوەن ئەو هەڵوێستە، ئەگینا مەسەلەی ئینتیما بوون لە پێوەندییەكی ڕاستەوخۆدایە لەگەڵ شێوازی مامەڵەكردنی دەسەڵات لەبەرامبەر خودی گەنجاندا.. واتە پێویستە دەسەڵات توانای ئەوەی هەبێ كە زەمینەیەك بڕەخسێنێ بۆ ژیانكردنێكی تەندروستانەی گەنجان تا ئەگەر ئەو توێژەی كۆمەڵ پشتی لە خاك و نیشتمان كرد، ئەوجا بتوانرێ تۆمەتی ئەوەیان بدرێتە پاڵ و گللەیی ئەوەیان لێبكرێ، ئەگینا بەدیوی ئەودیودا ئەوە خودی دەسەڵاتە وادەكات گەنجانی ئێمە لە قاڵبی بێئینتمایی و ڕەشبینییەكی سەختدا دەركەون.
بۆ گەڕانەوەی ئەو متمانەیە و دروسكردنی دڵسۆزی گەنج بەرانبەر بە وڵات و خاك و نیشتمان و.. پێوستە كار لەسەر دروسكردنی پێوەندی نێوان دەسەڵات و گەنجاندا بكرێ، كێ ئەو كارە بكا؟ بێگومان دەسەڵات خۆی.. پێویستە لە ناوەندەكانی خوێندندا بایەخ بەو لایەنە  بدرێ و هەوڵی قەرەبووكردنەوەی ئەو چەند ساڵەی بكرێتەوە، كە گەنجانی ئێمە لە غیابی پەروەردەكردنێكی ڕاستەقینەی نیشتمانی و نەتەوەیی بێبەش بوون و لە بری ئەوە حزبەكان بۆ مەرامی خۆیان تواناو هێزی گەنجانیان دەقۆستەوەو لەبری دروسكردنی ئەو ئینتمایەی كە ئەمڕۆ گللەیی لەبارەوە دەكرێ، فێری حیزبایەتیكردنیان دەكردن و پیرۆزییەكانی حزبیان دەخستە سەرووی هەموو پیرۆزییەكانی نیشتمان و خاك و نەتەوەوە..
ئەگەر دەسەڵات و حكومەت و حزبی كوردی بیەوێ بەڕاست نەوەیەكی نوێی هۆشیار بەو مەسەلە هەستیارانە بێتە كایەوە، پێویستە بیر لەوە بكاتەوە، كە گەنجان لە خۆی نزیكبكاتەوەو دەست لە هەندێ بەرژەوەندی خۆی هەڵگرێ لە بەرامبەر ئەودا، وەكچۆن لە پێشتردا بۆ خاتری بەرژەوەندییەكانی خۆی، گەنجی خستبۆوە كارەوە..

## گەنج و دەسەڵات:
لە هەموو جیهاندا هەمیشە دەسەڵات و جەماوەر لە باری تەندروستی خۆیاندا، تەواوكەرو هەماهەنگكاری یەكترن. بێگومان گەنجانیش فاكتەری بزوێنەری ئەو پێوەندییەن، چونكە لە حاڵەتی ئامادەباشیدان بۆ وەرگرتنی جڵەوی ئەو دەسەڵاتە لە كاتی پێویست و دیاریكراوی خۆیدا، بەڵام گەنج و دەسەڵاتی كوردی تەواو لێكترازاون، كە ئەمەش حاڵەتێكە جیاواز لەوەی كە ئەمڕۆ خەڵكی بە گشتی متمانەی جارانیان بە دەسەڵاتەكەی خۆیان نەماوە، بۆیە ئەوەندەی دەبێ ئەو دوو كۆڵەكە كرنگەی نێو كۆمەڵگە ئاوێزانی یەكتر بن، زیاد لەوە كەوتوونەتە دژەبەرەیەكی مەترسیدارەوە بەرامبەر یەكتر..!
هۆكاری یەكەمی ئەم حاڵەتەش خۆی لەوەدا بەیان دەكات، باوەڕنەبوونی نەوەی پێشوو، كە ئێستە دەسەڵاتدارن بە نەوەی نوێ لە ئاستێكی زۆر بەرزدایەو هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەی لێناكرێ (لەكەلی شەیتان) بێتە خوارێ..! بەمەش (سوراحی سەرفرودێنێ لەبۆ پیاڵە كە تێكا بۆی) تا ئێستا غائیبە لە شێوازی پێوەندییەكانی نێوان دەسەڵات و گەنجی ئێمەدا.. لەبەرامبەریشدا گەنجان خۆیان بوونەتە هۆكارێكی گەورەی هاندانی دەسەڵاتداران (نەوەی پێشوو) بە مانەوە لەسەر ئەو پلیكانەیەو دانەبەزینیان بۆ سەر زەمینەی گوێ لەیەكگرتن، چونكە ئەوەندەی دەسەڵات خۆی دوور دەگرێ، دە ئەوەندەش گەنجان دوورتر خۆیان دەگرن، ڕەنگە ئەم هاوكێشەیەش بە پێچەوانەوە هەر ڕاستبێ..
بەڵام ئاخۆ ئەم ڕیتمە لە مامەڵەكردن نابێتە هەوێنی شێواندنی ژیانكردنمان؟ بێگومان بەڵێ.. بۆیە دەبێ پێشئەوەی دەسەڵات كە ئەمڕۆ خۆی لە (حكومەتی هەرێم)دا دەبینێتەوە، هەر هەنگاوێك بنێ، خودی گەنج خاوەن هزركردن و پرۆژە خستنەڕووی خۆی بێت، چونكە نابێ ئەوەمان بیر بچێتەوە، كە دواجار گەنجیش بەشێكە لە كۆمەڵگەو بەو پێیەش دەبێ وەك هەر هاوڵاتییەك خاوەن داواو پێشنیای خۆی بێت.. جا بەدڵنیاییەوە لە حاڵەتی ئاوهادا دەسەڵات (حكومەت) خۆی ناچار دەبێ دەست بكات بە گوێگرتن و نزیكبوونەوەی هەنگاو بە هەنگاو لە داواكانی توێژی گەنجان..

## گەنج لە بەردەم دووڕێیاندا :
ئایین لە كۆمەڵگە كراوەكاندا هەرگیز ڕێگر نییە، لە بەردەم بیركردنەوەو هەنگاونانی تاكەكانیدا، بە پێچەوانەی كۆمەڵگە داخراوەكانی ڕۆژهەڵاتەوە، كە كۆمەڵگەی كوردیش یەكێكە لەوان، ئایین هەمیشە وەك كایەیەكی جیاواز لە كاركردندا بووەو ئیشی ئەو بریتی بووە لە خستن و لێدانی هەر هەنگاوێكی تاك، كە بەرەنجامی بیركردنەوەو ڕامانی پێشوەختە بوونە، بەمەش لە ئێستەدا گەنجی كورد، كە هاتۆتە نێو جەنجاڵییەكانی ژیانی سەردەمەوە، كەوتۆتە سەر دوو ڕێیانێكی تەواو لێكجیاواز، كە درەنگ بڕیاردان بۆ هەڵبژاردنی كامە ڕێگایەكیان لە بەرژەوەندی هیچ كام لایەكدا نییە (نە خودی گەنج خۆی و نە كۆمەڵگەكەشمان)، ئەویش بریتییە لەو حاڵەتەی كە بۆی دروستبووە، لە نێوان گەڕانەوە بۆ یاسا دیاریكراوەكانی ئایین یان هەڵبژاردنی ڕێگای ژیانكردنی سەردەمانە، ڕەنگە ئەم تێڕوانینە سادەیە بۆ هەر یەك لە ئێمە ئاسان بێت، دەركی پێبكەین، بەڵام ئاسان نییە بۆ هەموومان دەرك بەو قەیرانە بكەین، كە دەروونی گەنجانی ئێمەی كوشتووە، چونكە گەنجان تا ئێستا ناتوانن وەك خاوەن یەك هزر لە گەڵ خۆیاندا بیربكەنەوە و تێبفكرن، هەمیشە سێبەری ئایین بەسەر سەریانەوە ئامادەگیی هەیە، لەولایشەوە وان لە بەردەم لێشاوی دونیای گلۆبالیزەبوون و كرانەوە بەڕوو پێشكەوتنە زانستی و فیكرییەكانی ڕۆژئاوادا..
هەقوایە ڕێكخراوەكانی گەنجان و لاوانیش كار لەسەر ئەم مەسەلە هەنووكەییە بكەن و بیر لە دانانی میكانیزمێكی لەبارو گونجاو

بکەنەوە، کە بە بەشدارپێکردنی خودی گەنجان خۆیان، ڕایانبهێنن لەسەر ئەوەی بزانن و بتوانن بە چ شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕووداو و دیاردانەدا بکەن، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتی تەقلیدیداین و ئەرکی هەر چەشنە ڕیفرۆمێکی کۆمەڵایەتیش لە ئەستۆی گەنجاندایەو ئەوان لە دوا ڕۆژدا بەرپرس دەمێننەوە لە هەمبەر زیانەکانی کۆمەڵگە.